# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

| ژمارە (٦١) | ٢٠٢٤ |

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

• ژمارە (٦١) • ٢٠٢٤ •

سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار
حەمەسەعید حەسەن



سەرنووسەر:
پ.د. کاروان عومەر قادر
بەڕێوەبەری نووسین:
د. پەخشان فەهمی فەرحۆ

دەستەی نووسەران:
- پ.د. قەیس کاکل تۆفیق
- پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر
- پ.د. بەختیار سەجادی
- پ.د. فەرهاد قادر کەریم
- پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف
- پ.ی.د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
- د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد

دەستەی ڕاوێژکاران:-
- پ.د. میشێل لیزەنبێرگ
- پ.د. مارتن ڤان برونسن
- پ.د. جەلیلی جەلیل
- پ.د. ساڵح ئاکین
- پ.د. جەعفەر شێخولئیسلامی
- پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك
- پ.د. هاشم ئەحمەدزادە



http;//gov.krd/ka

ISSN: 2520-4106

هەولێر - شەقامی هەڵەبجە

# بارودۆخی ئابووریی شاری کەرکووک و دەوروبەری لە چەند سەرچاوەیەکی بیانی لە سەدەی نۆزدەیەمدا

د.کامران محمد حاجی

کۆلێژی ئاداب-زانکۆی سەلاحەددین

Kamaran.haji@su.edu.krd

**پوختە:**

سالانێکە کارکردن لە سەر بەرهەمی گەڕیدە و دیپلۆماتکار و مێژوونووسە بیانییەکان بوونەتە بابەتی توێژینەوە، لەم ڕووەوە خستنەڕووی بارودۆخی شارەکان لە سەر بنەمای ئەم زانیارییانە زۆرترین چاوی لە سەرە. شاری کەرکووک یەکێکە لەو شارانەی سالانێک مەڵبەندی ویلایەت و دوای ئەوەش سەنجەق بووە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی زۆربەی ئەو گەڕیدە و دیپلۆماتکار و نووسەرە بیانییانەی کە بە ناوچەکەدا تێپەڕیون یان لە بارەی ناوچەکە نووسیویانە، سەرنجی خۆیان لە بارەی ئەم شارەوە تۆمار بکەن.

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی "بارودۆخی ئابووریی شاری کەرکووک و دەوروبەری لە چەند سەرچاوەیەکی بیانیدا لە سەدەی نۆزدەیەمدا"، لە دەروازەیەک بە ناونیشانی "پوختەیەک لە بارەی شوێنی جوگرافی، پێکهاتەی کارگێڕی و دانیشتووانی کەرکووک لە سەدەی نۆزدەیەمدا" و سێ تەوەری سەرەکی پێک دێت، یەکەمیان بە ناونیشانی "کەرتی کشتوکاڵ لە کەرکووک"، لێرەدا تیشک خراوەتە سەر لەباریی هەڵکەوتەی جوگرافی، دۆخی ئاووهەوا و تۆبۆگرافیای شارەکە، ئەمانە بوونەتە هۆی ئەوەی کە خاکێکی بە پیت و بەروبوومی فرە لە شارەکە فەراهەم بێت. لە تەوەری دووەمدا بە ناونیشانی "کەرتی بازرگانی لە کەرکووک"، تیایدا تیشک خراوەتە سەر گرنگیی شارەکە وەکوو ناوەند و سەرەڕێگایەکی بازرگانی لە نێوان هەردوو ناوچەی شاخاوی لە باکووری ڕۆژهەڵاتیەوە، لەگەڵ ناوچە زورگ و تەختانییەکان لە باشووریدا. ئەمە و سەرنج خراوەتە سەر بازاڕ، کاروانسەرا، گرنگترین ئەو کاڵا و بەروبوومانەی لە شارەکەدا بازرگانییان پێ کراوە.

لە تەوەری سێیەمدا بە ناونیشانی "کەرتی پیشەگەری لە کەرکووک"، باسمان لە دیارترین ئەو چالاکییە پیشەگەرییانە کردووە کە لە شارەکەدا هەبوون، تەنانەت هەندێکیان لە تایبەتمەندیی شاری کەرکووک بوون. لە کۆتاییشدا گرنگترین ئەو دەرەنجامانە خراونەتە ڕوو کە توێژەر لە میانەی

نووسینی توێژینەوەکەیدا پێیان گەیشتووە.

سەبارەت بە ڕێبازی نووسینی ئەم توێژینەوەیە، وا پێویستی کردووە ڕێبازی گێڕانەوە و ڕێبازی پێکهاتەیی پەیڕەو بکرێت، هەندێ جاریش بۆ مەبەستی خستنەڕووی هەندێ زانیاری و بەراوردکردنیان لەگەڵ سەرچاوە بیانییەکان وەکوو پێویستییەک ناچار بووین پشت بە هەندێ سەرچاوەی عوسمانی، وەکوو ساڵنامە و ئینسکلۆپیدیا و سەرچاوەی هاریکاریی دیکە ببەستین، وەکوو لە لیستی سەرچاوەکاندا ئاماژەمان پێ کردوون.

کلیلەوشەکان: کەرکووک، کشتوکاڵ، بازرگانی، پیشەگەری، کاروانسەرا

**دەروازە:**

پوختەیەک لە بارەی شوێنی جوگرافی، پێکهاتەی کارگێڕی و دانیشتووانی کەرکووک لە سەدەی نۆزدەیەمدا

لە ڕووی شوێن و هەڵکەوتەی جوگرافییەوە شاری کەرکووک کە ئێستاکە ناوەندی پارێزگای کەرکووکە، دەکەوێتە باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتی عێراقەوە. دەکەوێتە باکووری شاری بەغدا بە دووریی (٢٥٥کم)، ڕۆژئاوای شاری سلێمانی بە دووریی (١١٠کم)، باشووری شاری هەولێر بە دووریی (٩٦کم) و باشووری شاری موسڵ بە دووریی (١٨٠کم). ئەم شارە بەوە دەناسرێتەوە کە وێستگەی بەیەکگەیشتنی ڕێگاکانی گواستنەوەیە بۆ بەیەکبەستنەوەی دەشتە نیشتووەکان بە ناوچە شاخاوییەکانەوە (عەبدولڕەحمان، ٢٠١٩، ٦٣-٦٤). هەروەها شاری کەرکووک بە هۆی شوێنەکەیەوە بووەتە مەڵبەندێک بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بەرهەمەکانی ناوچە دەشتایی و ناوچە شاخاوی و نیمچەشاخاوییەکانی دەوروبەری (خصباك، ١٩٧٣، ٣٠٦).

دوای گەیشتنی سوپای عوسمانی بە ناوچەکە و جێگیربوونی دەسەڵاتیان لە نیوەی یەکەمی سەدەی شازدەیەمدا، دەستیان کرد بە دابەشکردنی بۆ سەر چەند یەکەیەکی کارگێڕی. سەبارەت بە شاری کەرکووک، وەکوو زانراوە لە کۆتاییەکانی سەدەی شازدەیەمدا وەکوو "سەنجەق[1]"ێکی سەر بە ئەیالەتی شارەزوور ناوی هاتووە. بەرفراوانبوون و بەرتەسکبوونەوەی ڕووبەری خاکی ئەیالەتەکە لەبەر چەند هۆکارێك بوو، وەکوو گۆڕانکارییە کارگێڕییەکانی دەوڵەتی عوسمانی و ململانێ و هێرشە بەردەوامەکانی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی سەفەوی، کاریگەریی بۆ سەر جێگیرنەبوونی سنووری ئەیالەتەکانی عوسمانی هەبوو (مراد، ٢٠١٨، ص٥٤)، لە سۆنگەی ئەمەوە شتێکی ئاساییە کە ڕووبەری سەنجەقی کەرکووک و ناوچەکانی دەوروبەری لەم گۆڕانکارییانە بەدوور نەبێت.

دەوڵەتی عوسمانی لە سەدەی نۆزدەیەمدا ژمارەیەک قانوونی دەرکرد بە مەبەستی چاوخشاندنەوە بە قانوونە کۆنەکاندا، لە نێویاندا دەرچوواندنی "قانوونی ویلایەتەکان" بوو لە ساڵی ١٨٦٤دا. ئەوەی پەیوەندیی بە شاری کەرکووکەوە هەیە ئەوە بوو کاتێک لە ساڵی ١٨٧٩دا ویلایەتی شارەزوور هەڵوەشایەوە، بە هۆیەوە سەنجەقی "شارەزوور"یش کە مەڵبەندەکەی شاری کەرکووک بوو، وەکوو سەنجەقێک لە پاڵ هەردوو سەنجەقی سلێمانی و سەنجەقی ناوەندی موسڵدا ویلایەتی موسڵیان لێ پێک هات. سەنجەقی کەرکووک لەم دابەشکردنە کارگێڕییەدا لە شەش قەزا کە بریتی بوون لە: کەرکووک (ناوەند)، هەولێر، ڕانیە، ڕەواندز، سەڵاحیە (کفری) و کۆیسنجق؛ پێک هاتبوو(شوانی، ٢٠٠٩، ٦٧-٦٨). لە ساڵی ١٨٩٣دا، بە هۆی لێکچوونی هەردوو ناوی سەنجەقی "شارەزوور" و سەنجەقی "ئەلزور"، کە دەبووە هۆی ئەوەی گواستنەوە و گەیاندنی نووسراو و نامەکان بە هەڵە بە شوێنی مەبەست بگات، بڕیار درا هیچیدیکە ناوی "شارەزوور" لە نووسراو و تۆمارە فەرمییەکاندا بەکار نەهێنرێت و ناوەکەی بۆ سەنجەقی "کەرکووک"، واتە ناوە کۆنەکەی پێشووی، گۆڕا

(مــراد، ٢٠٠٥، ٦٨-٦٩).
ســەبارەت بــە دانیشــتووانی کەرکــووک، لــە ســاڵی ١٨١٦دا جیمــس ســێلک بەکنگهــام[٢] (J. S. Buckngham) ژمــارەی نیشــتەجێبووانی قەڵاکــەی کەرکووکــی (ســەرقەڵا) بــە (٥) بــۆ (٦) هــەزار و ژمــارەی ئەوانــەی خــوار قــەڵا (نزمەشــار) بــە دەوروبــەری (١٠) هــەزار کــەس دەخەمڵێنێــت، بــە جۆرێــک ئەوانــەی ســەر قــەڵا تەنهــا موســوڵمان و ئەوانــەی خــوار قــەڵاش لــە موســوڵمان، ئەرمــەن، نەســتووری و کلــدان پێــک دەهاتــن (بکنغهــام، ١٩٦٩، ص١٤٢). بــە پێــی خەمڵاندنەکــەی بەکنگهــام بێــت، ژمــارەی دانیشــتووانی شــاری کەرکــووک بــە گشــتی (١٥) بــۆ (١٦) هــەزار کــەس بــووە. ئەمــە بەبــێ ئــەوەی هیــچ ئاماژەیــەک بــە پێکهاتــە نەتەوەییــەکانی شــارەکە بــدات. لــە ســاڵی (١٨٦٩)شــدا ئەدۆڵفــۆ ڕیڤادینێــرا[٣] (A. Rivadeneyra) ی گەڕیــدەی ئیســپانی کــۆی ژمــارەی دانیشــتووانی شــارەکەی بــە (٢٠) هــەزار کــەس خەمڵانــدووە، کــە لــە تــورک و کــورد و نەســتووری و کلــدانی پێــک دەهاتــن (ریفادینــیرا، ٢٠٠٩، ص٩٧). لــە یەکێــک لــەو ســەرچاوانەی کــە لــە بنەڕەتــدا وەکــوو پێویســتییەک و بەرچاوڕوونییــەک بــۆ گەڕیــدەکان، لــە بــارەی ئەســتەنبوڵ و ناوچــە ئاســیاییەکانی ســەر بــە دەوڵــەتی عوســمانی ئامــادە کــراوە و لــە ســاڵی ١٨٧٨دا لــە لەنــدەن چــاپ کــراوە، ژمــارەی دانیشــتووانی شــاری کەرکــووکی بــە دەوروبــەری (٢٠) هــەزار کــەس تۆمــار کــردووە. ناوبــراو دەڵــێ: "دانیشــتووانەکەی ســێیەکیان کــوردن و ســێیەکی تریشــیان دیانــن کــە زۆربەیــان کلدانــین" (Handbook, 1878, p.447). ئــەم زانیارییــەی دوایــی لەمــەڕ ژمــارەی دانیشــتووانی شــاری کەرکــووک لەگــەڵ ئــەوەی ریڤادینێــرا یــەک دەگرێتــەوە، چونکــە هەردووکیــان ئاماژەیــان بــە (٢٠) هــەزار کــەس داوە. ئەمــە لــە کاتێکــدا لــە ســاڵی ١٨٧٩دا قەشــەیەکی ســەر بــە مســیۆنی فەڕەنســی بــە نــاوی ژاک ڕێتــۆری[٤] (J. Rhetooe) ســەردانی شــاری کەرکــووکی کــرد، ناوبــراو ژمــارەی دانیشــتووانی شــارەکەی بــە (٣٠) هــەزار کــەس دانــاوە (رێتــۆری، ٢٠٠٨، ٣١). ئەمــەش ئــەوە دەســەلمێنێت کــە بــە شــێوەیەکی گشــتی ژمــارەکان وەکــوو خەمڵانــدن خراونەتــە ڕوو.
دوای بەراوردکــردنی ئــەم زانیاریانــەی ســەرەوە لەگــەڵ زانیارییــەکانی ســێیەم ساڵنامەی ویلایــەتی موســڵی ســاڵی ١٨٩٥، کــە ژمــارەی دانیشــتووانی شــارەکەی بــە (٢٩١٤٠) هــەزار کــەس خەمڵانــدووە (موصــل ســالنامە سي، ١٣١٢هـ، ص٢٩٨)، هەروەهــا کتێبــی قامــووس ئەعلامــی شەمســەدین ســامی، کــە لــە ســاڵی ١٨٩٦دا بەرگــی پێنجەمــی بــڵاو کراوەتــەوە، ئامــاژەی بــە هەبــوونی (٣٠) هــەزار کــەس لــە شــارەکەدا کــردووە. هــەر لێــرەدا ئامــاژە بــەوە کــراوە کــە ســێچارەکی دانیشــتووانی کەرکــووک لــە نەتــەوەی کــوردن، ئەوانــەی تریــش تــورک و عــەرەب و هیــی تــرن. ئەمــە و جگــە لــە هەبــوونی (٧٦٠) جوولەکــە و (٤٦٠) کلــدانی (وەگێراوە لــە: تاقانــە، ١٩٩٨، ل٢٩٠).

**تەوەری یەکەم: کەرتی کشتوکاڵ لە کەرکووک**

کــەرتی کشــتوکاڵ لــە کەرکووک لایەنێــکی گرنگــی ئــەو زانیارییانــە پێــک دەهێنێــت کــە لــە ســەرچاوە بیانییــەکانی ســەدەی نۆزدەیەمــدا تــا ڕادەیــەک بــە ســەرنج و دیــدی جیــاوازەوە ئامــاژەی پــێ دراوە.
بــە شــێوەیەکی گشــتی کشــتوکاڵکردن پیشــەی ســەرەکیی دانیشــتووانی ســەنجەقی کەرکــووک بــووە، ئەمــەش هاوشــێوەی زۆربــەی ناوچــەکانی دیکــەی ژێــر دەســەڵاتی دەوڵــەتی عوســمانی، بــە هــۆی فراوانیــی زەوییــەکانی ســەنجەقەکە و جۆراوجۆرێتیــی ڕواڵەتــەکانی بــەرزی و نزمــی تیایــدا، هــەر لــە ناوچــەی شــاخاوی، گــرد، دۆڵ، دەشــت، لــە ناوچــەکانی باکــووری ڕۆژهەڵاتیــەوە تاکــوو دەشــتە ڕووتەنــە تەختانییــەکان لــە بــەشی باشــووری ڕۆژهەڵاتیــدا. هەروەهــا فەراهەمیــی ئــاوی زێ و جۆگــەکان و کارێــزەکان (موصــل ولایتــی ســالنامە سي، ١٣١٢، ٢٩٨، موصــل ولایتــی ســالنامە رسمیســیدر، ١٣٣٠، ٢٢٨) هۆکارێــکی دیکــەی باڵادەســتیی پیشــەی کشــتوکاڵکردن بــووە لــە ناوچەکــەدا، بــە بــەراورد لەگــەڵ پیشــەکانی دیکــەدا. لــەم ڕووەوە یەکێــک لــە ســەرچاوەکانی ســەدەی نۆزدەیــەم ئامــاژەی بــەوە کــردووە ژمارەیــەک ســەرچاوەی ئــاوی کــە دەڕژێنــە نــاو زێــی خــواروو (زێــی بچــووک) یــان زێــی دیجلــە، بــە نــاو قەزاکــەدا دەڕۆن. لــە بــارەی خاکەکــەی ئامــاژەی بــەوە داوە کەمێــک تەختانییــە و بەشــێکی زۆریــشی بریتییــە لــە دەشــتی تەخــت و بەریــن، زۆریــش بەپیتــە (وەرگــیراوە لــە: تاقانــە، ٢٠١٠، ٢٩١).
هــەر لــە بــارەی زەوییــەکانی دەوروبــەری شــاری کەرکــووک و فەراهەمیــی ســەرچاوەکانی ئاودێرییــەوە، گەڕیدەیــەک لــە ناوەڕاســتەکانی ســەدەی نۆزدەیەمــدا بــاسی ئــەوەی بــۆ

کردووین کە زەوییەکانی دەوروبەری شارەکە بەپیتن، چونکە بە هۆی ژمارەیەکی زۆر لە سەرچاوەی ئاوییەوە ئاو دەدرێن. هەروەها باسی ئەوەشی کردووە کە بۆ پێشخستنی پرۆسەکە، جگە لە بەدەستهێنانی ئامێری پێویست و زانیاری و رۆشنبیری، شتێکی ئەوتۆی پێویست نەبووە (Benjamin, 1863, 77). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە گەڕیدەی ناوبراو پێی وا بووە بڕی بەرهەمی کشتوکاڵی ناوچەکە، بە بەراورد لەگەڵ فەراهەمیی سەرچاوەی ئاو و بەپیتیی خاکەکەی، کەمتر یاخود دواکەوتوو بووە، بەڵام بەدەستهێنانی شارەزایی و بەدەستهێنانی ئامێری کشتوکاڵیی پێویست، دەرفەتێک دەبوو بۆ پێشخستنی پرۆسەکە.

لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا نیجیهۆڵت[٥] (Chevalier Lycklama a Nijeholt)ی گەڕیدەی هۆڵەندی جەخت لە سەر بەپیتیی خاکی کەرکووک و باشیی ئاودێرییەکەی دەکاتەوە، هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا ئاماژەی بە گرفتێکی بەردەم پرۆسەی کشتوکاڵکردن کردووە، ئەویش بریتی بووە لەوەی لە وەرزی بارانبارینەدا و بە هۆی لافاوی زێیەکەوە بە سەر کەنارەکانیدا، دەشتەکە دەبێتە زۆنگاوێک(Nijeholt, 1874, 201) . لە ساڵی (١٨٦٩) شدا ڕیڤادینیرا باسی لە بەپیتیی ئەو دەشتە کردووە کە کەرکووکی تیا هەڵکەوتووە (ریفادینیرا، ٢٠٠٩، ٩٦). هەروەها ئەم گەڕیدەیەی دوایی لە وەسفی ئەو ناوچەیەدا کە کەرکووکی تیا هەڵکەوتووە؛ نووسیویەتی: "... بەر لەوەی لە زێی خاسە بپەڕمەوە، دیمەنە چەقبەستوو و وشکاوییەکە بە تەواوی گۆڕا، دیمەنێکی دیکەی سەرسوڕمێنم لێ بەدیار کەوت، هەتا ئەوەی وام زانی دەچمە ناو جیهانێکی دیکەوە. برژانگە داکەوتووەکانم لە توندی ماندوویێتی و گەرمادا بەرز کردەوە، تاکوو چێژ لەم جوانییە ببینێت: کێوەکانی سلێمانی بە بەفرە بەردەوامەکانیەوە لە دوورەوە سەریان بەرز دەکردەوە. لە دۆڵێکی بەپیتی سەرسوڕمێندا کە لە لای چەپمەوە درێژ دەبێتەوە، کەرکووکی تیا هەڵکەوتووە، بە قەڵا و باخ و خانووەکانی. ڕووت لە هەر کوێیەک کرد سەوزایی زەوی دادەپۆشێت، دۆڵەکان لەگەڵ کێوەکاندا ڕاهاتبوون، ئاویش وەکوو ئەوەی تاڵی زیوین بێت گوزەری دەکرد، 'مانا'ی بڕاف و زیندەگیی دەگەیاند" (ریفادینیرا، ٢٠٠٩، ٩٧). وا دیارە کە ڕیفادینێرا لەم وەسفەی دواییدا کە بۆ کەرکووک و ناوچەکەی کردووە، هەوڵی داوە ئەوەمان پێ بڵێ کە ناوچەکانی خوار کەرکووک و ئەولاتر زیاتر ناوچەیەکی وشکوبرینگ بوون، ئەمەش لە تایبەتمەندیی کەشوهەوا و خاک و ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری میزۆپۆتامیادا بەدیار دەکەوێت.

"گراتان گێری"ی گەڕیدە کە لە نیسانی ساڵی ١٨٧٨دا سەردانی شارەکەی کردبوو، ئەویش هەمان تێبینیی لە سەر دیاردەی بەرزبوونەوەی ئاستی ئاوەکان و دروستبوونی لافاو لە شارەکە و کاریگەریی بۆ سەر خاکەکەی دووپات کردووەتەوە (Geary, 1878, 15-16).

لە نەوەدەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا سەرچاوەیەک لە بارەی ناوچە ئاسیاییەکانی سەر بە دەوڵەتی عوسمانی بڵاو بووەتەوە، لەم سەرچاوەیەدا بە تێروتەسەلی ئاماژە بە سەنجەقی شارەزوور کراوە کە کەرکووک مەڵبەندەکەی بووە. لەم سەرچاوەیەدا باسی ئەوە کراوە ناوچەکە نزیکەی هەمووی دەشتێکی بەپیتە، لە ڕێگەی ژمارەیەک لە زێ ئاودێریی خۆی وەردەگرێت، گرنگترینیشیان زێی بچووکە کە یەکێکە لە لقەکانی زێی دیجلە، هەروەها زێی کیسە (Kisseh) (مەبەست لە زێی خاسەیە کە بە ناو کەرکووکدا تێپەڕ دەبێت) کە کەرکووک و هەندێ لە گوندەکانی دەوروبەری ئاودێر دەکات، ئەمە جگە لە هەندێ جۆگە و ئاوەڕۆی دیکە کە لە زۆربەی کاتەکانی ساڵدا وشکن (Guinet, 1892,853).

سەبارەت بە بەروبوومە کشتوکاڵییەکانی کەرکووک، یەکێک لەو بەروبوومانە بریتییە لە دانەوێڵە، بە تایبەتی گەنم و جۆ و گەنمەشامی و برنج (موصل ولایتی سالنامە سي، ١٣١٠، ٢٠٦-٢٠٧؛ موصل ولایتی سالنامە سي، ١٣١٢، ٣٠٠؛ تاقانە، ٢٠١٠، ٢٩١). جێی تێڕامانە کە یەکێک لە گەڕیدە ئەوروپاییەکان باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە وا خاکی کەرکووک گەنم و جۆ بەرهەم دێنێ (Sestini, 1801, 243)، ئەم زانیارییە لە چەند سەرچاوەیەکی تریشدا پشتڕاست کراوەتەوە ,Rousseou; (Guinet, 1892, 8531809, 82). هەر لەم بارەیەوە دۆپرێی گەڕیدەی فەرەنسی کە لە ساڵی ١٨٠٧دا بە ناوچەکەدا تێپەڕیوە و نووسیویەتی: "... لە بەشێکی شارۆچکەی

کەرکووکدا تێپەڕیین، لەوێ نەوەستاین، سەرنجمان دا کە خاکەکەی بڕێکی گەورە لە گەنم و جۆ بەرهەم دێنێ" (حداد، ٢٠١١، ٨٤). هەروەها لە ساڵی ١٨٧٨دا "گراتان گێری" لە باسی خاکی دەوروبەری کەرکووکدا نووسیویەتی: "... زۆر بەپیتە و کشتوکاڵەکەشی باشە. ڕێچکۆڵەکان بەو بەروبوومانە داپۆشراون کە بە نۆرە لەگەڵ جۆ و گەنمدا دەچێنرێن" (Geary, 1878, 22). سەرچاوەیەکی فەڕەنسییش لە بارەی کەرکووکەوە نووسیویەتی: "... دانیشتووانەکەی چالاکن و ڕەنجدەر (کادح)ن، ... وڵاتەکەش گەنم و جۆ و... بەرهەم دەهێنێت" (Rousseau, 1809,82).

هەر چەندە دارخورما بەروبوومێکی شاری کەرکووک نەبووە، کەچی دەبینین لە لایەن چەند گەڕیدەیەکەوە ئاماژەی پێ دراوە. بۆ نموونە بەکنگهامی گەڕیدەی بەریتانی لە ساڵی ١٨١٦دا ئاماژەی بەوە کردووە کە لەکەرکووکدا ژمارەکانی دارخورما لەوانەی دیکە زیاترە (بکنغهام، ١٩٦٩، ١٤٣). هەروەها ژاک ڕیتۆرێی گەڕیدە و مزگێنیدەری فەڕەنسی لە ساڵی ١٨٧٩دا سەرنجێکی جوانی خۆی لە بارەی شارەکە و دیمەنە جوانەکانی دەربڕیوە، نووسیویەتی: "... دارخورما دەگاتە ئەو ڕادەیەی کە بە شێوەیەک لە هەموو ماڵێکی نزمەشاردا دەبینین سەری شکۆی بەرز کردووەتەوە و بە هێشووی گەورە تێکەڵی منارە و گومەزیی مزگەوتەکان دەبێ، ئەوەی کە دیمەنێکی دڵڕفێن و ڕەنگێکی تەواو ڕۆژهەڵاتیانەی بە شارەکە بەخشیوە" (ڕیتۆری، ٢٠٠٨، ٣٣).

میوە و سەوزە و مزرەمەنی و پاقلەمەنییەکان لە بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی دیکەن کە سەرچاوەگەلێک ئاماژەیان پێ کردوون، بۆ نموونە لە بارەی هەناری ناوچەی کەرکووکەوە گەڕیدەیەک باسی ئەوەی بۆ کردووین کە وا بە درێژایی ناوچەی نێوان بەندەری 'بوشەهر' تاکوو کەرکووک، باشترین جۆری هەناری لێرە بینیوە (Polington, 1867, 352). ئەمە و هەنجیر و زەیتوون (Bowman, Anne, 1853, 80)، باخەکانی پرتەقاڵ و زەیتوون (Newman, John. P, 1876, 220)، بازلا، نیسک، تری (Rousseau, 1809, 82)، سەرچاوەیەک باسی ئەوەی بۆ کردووین کە (١٢٨٤) باخچە لە شاری کەرکووکدا هەبوون، ئەمە جگە لە هەبوونی (١٨٠) ڕەز و بێستان (Cuinet, 1892, 852)، هەر لەم بارەوە لە هەمان سەرچاوەدا نووسراوە: "... فەراهەمیی ئاو وای کردووە کە لە توانادا هەبێ باخچەی زۆر جوان سەوز بکرێت، بە جۆرێک هەموو درەختەکانی ناوچە گەرمەکان لەوێ پێدەگات: [وەکوو] درەختی پرتەقاڵ، درەختی زەیتوون، درەختی لیمۆ، درەختی هەنار و درەختی دارخورما لەگەڵ پرتەقاڵ" (Cuinet, 1892, 853).

لە ساڵنامەیەکی ویلایەتی موسڵدا ئاماژە بە چەندین جۆری بەرهەمی کشتوکاڵی کراوە، وەکوو تری، قەیسی، سێو، لیمۆ، نارنج، توو، زەیتوون، بامێ، باینجان، شووتی، گندۆرە، تەماتە، پەتاتە، فاسۆلیا، پاقلە، نیسک، ماش، توتن، کونجی و لۆکە (موصل ولایتی سالنامه سي، ١٣١٢، ٢٩٨). لە ژێر ڕۆشنایی ئەو زانیاریانەی کە گەڕیدە و دیپلۆماتکار و نووسەرە بیانییەکان لە سەدەی نۆزدەیەمدا و لە بارەی کشتوکاڵ و بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی کەرکووکەوە تۆماریان کردووە، هاوکات لەگەڵ ئەو بڵاوکراوە فەرمییانەی کە لە لایەن دەوڵەتەوە بڵاو کراونەتەوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە سێکتەری کشتوکاڵی پیشەی سەرەکیی دانیشتووانی کەرکووک بووە. هەروەها بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی لە هەردوو ڕووی جۆری و بڕەکەیانەوە زۆر و لە بڕەودا بووە. ئەمەش، هەروەکوو پێشتر ئاماژەمان پێ دا، بە هۆی بەپیتیی خاک و کەشوهەوا و ئاودێریی باشەوە بووە.

لە کۆتایی ئەم تەوەرەدا، بە پێویستی دەزانین ئاماژە بە سەرنجێکی گەڕیدەی ئیسپانی ئەدۆلفۆ ڕیڤادینێرا بکەین، ناوبراو لە گەشتنامەکەیدا نووسیویەتی: "... من دەڵێم، بە کورتی، هەر شتێک کە حەزی لێ بکەیت بە زۆری هەیە، بە تایبەت میوە بە هەموو جۆر و قەبارەکانیەوە، من خۆم تاکە شووتییەکم کێشا کە [کێشەکەی] لە سێ کیلۆگرام زیاتر بوو، وەکوو شووتیی خۆمان باش بوو" (ڕیڤادینیرا، ٢٠٠٩، ٩٨).

بە گوێرەی زانیاریی سەرچاوەکان کە خرانە ڕوو، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە هەبوونی بڕێکی باشی سەرچاوەی ئاو، لەگەڵ جیاوازی لە ماوەدای پلەکانی گەرما لە وەرزێکەوە بۆ وەرزێکی دیکە، بوونەتە هۆی ئەوەی کە بەروبوومی جۆراوجۆر لە کەرکووک و ناوچەکانی دەوروبەریدا هەبێت،

هـەر ئەمـەش بووەتـە هـۆی ئـەوەی سـەرنجی گەڕیـدەکان بـۆ لای خـۆی ڕابکێشـێت.

**تەوەری دووەم: کەرتی بازرگانی لە کەرکووک**

هەڵکەوتـەی جوگرافیایـی کەرکـووک، وەکـوو یەکێـک لـە سـەرچاوەکان وەسـفی کـردووە: "... لەبـەر ئـەوەی لـە شـوێنی بەیەکگەیشـتنی چەنـد کاروانەڕێیەکـدا جێـی گرتووەتـەوە" (وەرگـیراوە لـە: تاقانـە، ٢٠١٠، ٢٩٠)، هەروەهـا وەکـوو یەکێـک لـە گرنگتریـن و گەورەتریـن شـار لـە نێـوان موسـڵ و بەغـدا (Rassam, 1897, 195)، وای کـردووە ببـێ بـە مەڵبەندێـکی کاروبـاری بـازرگانی لـە ناوچەکـەدا (Benjamin, 1863, 77). هـەر لـە بـارەی گرنگیـی شـوێنی هەڵکەوتنـی کەرکـووک، کاتێـک لـە سـاڵی ١٨٧٣دا گەڕیـدەی ڕووس ئەندازیـار ژۆزێـف چێرنیکـس[٦] (Joseph Cerniks) سـەردانی شـاری کەرکووکـی کـردووە، لـە بارەیـەوە نووسـیویەتی: "... تـا ئەندازەیـەک کەرکـووک وەکـوو شـوێنی سـەر ڕێـگاکان جێـگای تێڕامانینـە، ... وەکـوو: لـە ڕێـگای ئاڵتوونکۆپـری و هەولێـرەوە بـەرەو موسـڵ لـە باکـوورەوە، ... لـە ڕێـگای حەمرینـەوە بـەرەو زەوییـە نزمایـەکانی بەغـدا، ... وە لـە ڕێـگای دۆڵـە جیاوازەکانـەوە (الودیـان المتوازیـة المختلفـة) بـەرەو کۆیسـنجاق (لـە ناوەڕاسـتی زێـی بچـووک) و سـلێمانی... " (Freiherrn , 1876 , 45).

هەبـوونی خـان (کاروانسـەرا) و بـازاڕ لـە لایـەک، لەگـەڵ هەبـوونی بەروبوومـی جۆراوجـۆر لـە شـارەکە و ناوچـەکانی دەوروبـەری شـارەکە لـە لایـەکی دیکـەوە، بیوونـە هـۆکاری ئـەوەی جۆرێـک لـە جموجۆڵـی بازرگانیـی "ڕێژەیـی" لـە کەرکووکـدا لەئـارادا بێـت. گەڕیـدەی بەریتـانی جـۆن ماکدۆنالـد کینـێ[٧] (J. M. Kinneir) کـە لـە سـاڵی ١٨١٣دا سـەردانی کەرکـووکی کردبـوو، سـەرەتا ئامـاژە بـە هەبـوونی کاروانسـەرایەک دەکات لـەو بەشـەی شـارەکەدا کـە دەکەوێتـە دامێنـی قەڵاکـەوە، ئینجـا دێتـە سـەر بـاس و خسـتنەڕووی لایەنـەکانی دیکـەی ئـاوەدانی لـە شـارەکەدا، لێرەشـدا ئامـاژە بـە هەبـوونی (٩) کاروانسـەرا دەکات (Kinneir, 1813, 298). لـە سـاڵی (١٨١٦)شـدا بەکنگهـام لـە سـەر زاری ڕێنیشـاندەرەکەیەوە ئامـاژە بـە هەبـوونی (١٠) خـان دەکات (بکنغهـام، ١٩٦٩، ١٤٦). ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنێـت کـە وا دوای (٣) سـاڵان هەمـان ژمـارە لـە خانـەکان لەشـەرکەدا هەبـوون و گۆڕانکارییـان بەسـەردا نەهاتـووە.

لـە ناوەڕاسـتەکانی سـەدەی نۆزدەیەمیشـدا بنیامینـی گەڕیـدە لـە بـاسی کەرکووکـدا نووسـیویەتی کـە "... مەڵبەندێـکی کاروبـاری بازرگانییـە"، هەروەهـا بـاسی ئـەوەشی بـۆ کردوویـن ئـەو کاتـەی لـە (٢٧ی نیسـان)دا گەیشـتبوونە شـارەکە، کاروانێـکی لـە شـارەکەدا بینیـوە کـە لـە (٦٠٠) بـار پێـک هاتـووە(Benjamin,1863, 77).

هـەر لـە نیـوەی دووەمـی سـەدەی نۆزدەیەمـدا، مزگێنیدەرێـکی ئەمەریـکی بـە نـاوی نیومـان (Newman) سـەردانی کەرکـووکی کـردووە، ناوبـراو بـاسی ئـەوەی کـردووە کـە بـە مەبەسـتی پشـوودان شـەوەکەیان لـە یەکێـک لـە خانـە گـەورە و پاکـژەکانی کەرکـووک بەسـەر بـردووە (Newman, 1876, 219-220). هەروەهـا لـە سـاڵی ١٨٧٩دا ژاک ڕێتـۆرێ سـەردانی شـاری کەرکـووکی کـرد، ناوبـراو بـاسی ئـەوەی کـردووە کـە خانـەکانی شـارەکە نەیانحەواندووەتـەوە، بەبـێ ئـەوەی ئامـاژە بـە ژمـارەی خانـەکان بـکات (ڕێتـۆرێ، ٢٠٠٨، ٣١). لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەم سـەرنجەی دوایـی ڕێتـۆرێ ئـەوە دەگەیەنێـت کـە زیاتـر لـە خانێـک لـە شـارەکەدا هەبـووە. هەروەهـا لـە قامووسـئەعلامی شەمسـەدین سامیدا، لـە سـاڵی ١٨٩٦دا ئامـاژە بـە هەبـوونی (١٢) خـان لـە کەرکـووک کـراوە (وەرگـیراوە لـە: تاقانـە، ٢٠١٠، ٢٩٠).

لـە بـارەی بـازاڕەکانی شـارەکە، ژمارەیـەک لـە گەڕیـدە و سـەرچاوەکانی ئـەو سـەردەمە زانیارییـان خسـتووەتە ڕوو. لـە کانـوونی یەکەمـی ١٨١٨دا، ڕۆبێـرت کـەر پۆرتـەر[٨] (R. K. Porter)ی گەڕیـدەی بەریتـانی، لـە گەشـتنامەکەیدا بـاسی ئـەوەی بـۆ کردوویـن کـە بـازاڕەکانی شـارەکە تەسـک و تاریـک بـوون، لەگـەڵ ئەوەشـدا هەمـوو جـۆرە کەلوپـەل و کەرەسـتەیەکی پێویسـتیان بـۆ خەڵکەکـە لەخـۆ گرتبـوو (Porter, 1822, 439).

وەکـوو بەدیـار دەکـەوێ کـە بـازاڕەکانی شـارەکە، ئـەوەی کـە جموجـۆڵ و چالاکیـی تێـدا بـەدی کـراوە، کەوتبوونـە بەرقەڵاکـەوە. بـۆ نموونـە لـە یاداشـتی گەڕیدەیـەکی فەڕەنسـیدا کـە بـۆ سـەرەتای چلـەکانی سـەدەی نۆزدەیـەم دەگەڕێتـەوە، ئامـاژە بـە هەبـوونی بازاڕێـکی بچـووک لـە سـەر بەرزەشـارەکە

دەکات، بەبێ ئەوەی هیچ زانیارییەکی دیکە لە بارەیەوە تۆمار بکات (Coste, 1878, 400). لە ساڵی (١٨٤٠)یشدا، گەڕیدەی ئەمەریکی قەشە هۆراشیۆ ساوسگێت (Horatio Southgate(١٨١٢-١٨٩٤))، لەو کاتەی گەیشتبووە کەرکووک، سەردانی بازاڕەکەشی کردووە، ناوبراو زۆر بە ڕەهایی باسی لەوە کردووە کە بازاڕەکان تەنها کوتاڵفرۆشەکانی لێیە (Southgate, 1840, 209).

سەرچاوەیەک لە بارەی گەشتە زانستییەکانیان لە ماوەی ساڵانی (١٨٥١-١٨٥٤) بۆ ناوچەی میزۆپۆتامیا ئامادە کراوە، لە باسی گەشتێکی یەکێک لە گەڕیدەکان بۆ کەرکووک کە لە (١١ی شوباتی ١٨٥٤)دا سەردانی شارەکەی کردبوو، ئاماژە بە هەبوونی بازاڕی باش و چالاکیی زۆری شارەکە دەکات (Oppert, 1863, 280). دوای دوو ساڵ کلیمانی گەڕیدەی فەڕەنسی کە لە ساڵی ١٨٥٦دا سەردانی کەرکووکی کردبوو، باسی ئەوەی بۆ کردووین کە بەرقەڵاکەی کەرکووک: "... زۆر لە بەرزەشارەکە گەورەترە و بازاڕی لێیە و بازرگانییەکەی زۆر چالاکە" (Clément, 1866, 199).

هەر لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا، نیومانی گەڕیدەی ئەمەریکی بەم شێوەیە وەسفی بازاڕەکانی کەرکووکی کردووە، نووسیویەتی: "... بازاڕەکان گەورەن و پڕن لە خەڵک" (Newman, 1876, 219-220). هەروەها کاتێک لە ساڵی ١٨٧٣دا چێرنیکسی گەڕیدەی ڕووسی سەردانی شاری کەرکووکی کردبوو، ناوبراو لە وەسفی بازاڕەکانی کەرکووکدا نووسیویەتی: "... بازاڕەکانی کەرکووک تاکە گەورەترین بینایەن، درێژییەکەی سەد هەنگاو دەبێ، قەرەباڵغییەکی زۆر لەوێ هەیە" (Freiherrn , 1876 , 43-44).

سەرچاوەیەک لە بارەی ناوچە ئاسیاییەکانی سەر بە دەوڵەتی عوسمانی بڵاو بووەتەوە و مێژووی چاپکردنیشی بۆ سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی نۆزدە دەگەڕێتەوە، تیایدا ئاماژە بە هەبوونی (١١٨٣) فرۆشگا و کۆگا لە شاری کەرکووک کراوە (Guinet, 1892, 851). لە کاتێکدا چەند ساڵێک دوای ئەمە لە قاموسەعلامی شەمسەدین سامیدا، لە ساڵی ١٨٩٦دا، ژمارەکە بۆ (١٢٨٢) لە کۆگا و دووکان و قەیسەری بەرز بووەتەوە (وەرگیراوە لە: تاقانە، ٢٠١٠، ٢٩٠). ئەمەش ئاماژەیە بۆ زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانی شارەکە و زیادبوونی ژمارەی دووکان و فرۆشگا و کۆگاکان، یاخود فراوانبوونی بازاڕی شارەکە بە شێوەیەکی گشتی.

لە بارەی جموجۆڵی بازرگانی و ئەو شمەک و کەلوپەلانەی لە شارەکەدا مامەڵەیان پێ کرابوو، ئەو زانیاییانەی ڕیچی گەڕیدە تۆماری کردوون لایەنێکی گرنگی هەبوونی پەیوەندیی بازرگانیی نێوان کەرکووک و شار و ناوچەکانی ترمان بۆ دەردەخات. لەم ڕووەوە ڕیچ باسی هەبوونی پەیوەندیی بەردەوامی نێوان کەرکووک و سلێمانیی کردووە، نووسیویەتی: "بازرگانی لەگەڵ کەرکووکدا هەمیشە بەردەوامە و لەوێوە پێڵاو و هەندێ کوتاڵی لۆکەی ئەستوور دەهێنن، لە سلێمانییشەوە نیسک، نۆک، ماش، پاقلە، هەنگوین، ترش، میوە، برنج، ڕۆن، لۆکە، مەڕوماڵات، مازوو؛ دەنێرن بۆ ئەوێ" (ڕیچ، ٢٠١٢، ٣١٠).

یەکێک لەو شمەکانەی کە وا لە پرۆسەی بازرگانیی کەرکووکدا گرنگیی خۆی هەبووە، بەرهەمی مازوو بووە. کە بەرهەمی مازووی کوردستان لەو ئاستەدا نەمابووەوە تەنها لە ناوخۆدا بازرگانیی پێ بکرێت، بەڵکوو بۆ دەرەوەش هەنارده کراوە. لەم بارەیەوە ئۆلیڤێ لە گەشتنامەکەیدا، لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەیەمدا، باسی ئەوەی کردووە کە مازوو ماددەیەکی گرنگە و بڕێکی زۆری لێ ڕەوانەی هیندستان دەکرا (اولیفیە، ١٩٨٨، ١٧٧). تەنانەت یەکێک لە گەڕیدەکان زۆر بە ڕەهایی نووسیویەتی: "... [مازوو] یەکێک لە شمەکە سەرەکییەکانی بازرگانی پێک دەهێنێت" (Oppert, 1863,280). لە ساڵی ١٨٣٦دا ئەفسەری بەریتانی کۆلۆنێل شێل نووسیویەتی: "... بازرگانییەکی فراوان بە مازوو دەکرێت، کە لە چیاکانی کوردستانەوە دەهێنرێت" (Shiell, 1838, 100). ئەمە و نجهۆڵتی گەڕیدەی فەڕەنسی، ئەویش بە هەمان شێوە لە گەشتنامەکەی خۆیدا، لەو لیستەی کە تیایدا ئاماژەی بە ناو و بڕی ئەو شمەک و بەرهەمانە کردووە کە بازرگانییان پێ کراوە، ئاماژەی بە مازوو کردووە کە وا بۆ موسڵ ڕەوانە کراوە (Nijeholt, 1874,86). لە ساڵی (١٨٦٩) شدا ئەدۆلفۆ ڕیڤادینێرای گەڕیدەی ئیسپانی نووسیویەتی: "کەرکووک، هاوشێوەی سلێمانی، مەڵبەندی هەناردەکردنی دوو لە بەرهەمە گرنگەکانی خاکەکەیانە، لە پلەی یەکەمدا

مازوو..." (ریڤادینێرا، ٢٠٠٩، ٩٧). هەروەها ڕیڤادینێرا باسی ئەوەشی کردووە کە ئەو جۆرە مازووەی کە ڕەنگەکەی زەردباوە ئەویان برەکەی زیاترە، چونکە دوو جۆری تریش هەن؛ جۆرێکیان ڕەنگەکەی سپییە و ئەوەی دیکەشیان خاکییە. تەنانەت ناوبراو باسی ئەوەشی بۆ کردووین کە نرخی (١٢) کیلۆ لە مازوو لە یەک دودو[9] زیاتر نییە، کە بە شێوەیەکی بەرفراوان بۆ بۆیەکردنی چنراوەکان بەکار دەهێنرا (ریڤادینێرا، ٢٠٠٩، ٩٧).

یەکێکی دیکە لەو بەرهەمانەی کە وا لە کەرکووک و دەوروبەریدا هەبووە و بازرگانییشی پێ کراوە، گەزۆ بووە. یەکێک لە گەڕیدەکان باسی ئەوەی کردووە کە ئامادەکردنی گەزۆ یەکێکە لە دیارترین چالاکییە ئابوورییەکانی ناوچەکە. کاتێک شەوانە گەزۆ لە شێوەی دڵۆپە شەونم دەبارییە سەر زەوی و جووتیارەکانیش لە بەرەبەیاندا کۆیان دەکردەوە، دوای ئەوەی دەیانکردە ناو جەڕە و لە بەردەم خۆردا دادەنرا، وەکوو هەویرێکی زۆر توند، یان وەکوو پەنیری لێ دەهات، لەگەڵ ناندا، بە تایبەتی لە ژەمی بەیانیاندا دەیانخوارد (Benjamin, 1863, 77). نیجهۆڵتی گەڕیدەی فەڕەنسی، ئەویش بە هەمان شێوە لە گەشتنامەکەی خۆیدا، لەو لیستەی کە تیایدا ئاماژەی بە ناو و بڕی ئەو شمەک و بەرهەمانە کردووە کە بازرگانییان پێ کراوە، ئاماژەی بە گەزۆ کردووە کە وا بۆ موسڵ ڕەوانە کراوە (Nijeholt, 1874, 200-201). هەروەها لە ساڵی ١٨٧٨دا گراتان گێری لە باسی بەرهەمە سروشتییەکانی کەرکووکدا ئاماژەی بە فرەیی گەزۆ لەوێ کردووە (Geary, 1878, 22).

تووتن بەرهەمێکی دیکەی کشتوکاڵی، ناوی لە نێو ئەو شمەکانەدا هاتووە کە لە کەرکووکەوە بازرگانیی پێ کراوە. نیجهۆڵتی گەڕیدەی فەڕەنسی لە ناو ئەو لیستەی کە لە گەشتنامەکەیدا بڵاوی کردووەتەوە، ناوی تووتنیشی وەکوو یەکێک لەو بەرهەمانە تۆمار کردووە کە لە کەرکووک و سلێمانییەوە بۆ موسڵ نێردراوە. تەنانەت ئاماژەی بەوەش کردووە کە بڕی بەرهەمی تووتنی نێردراو لە کەرکووک و سلێمانییەوە بۆ موسڵ لە (٢٠٠٠) باڵەوە بۆ (٣٠٠٠) باڵە بەرز بووەتەوە (Nijeholt, 1874, 200-201).

بەرهەمی کەتیرە (صمغ)ش لەو شمەکانە بووە کە لە کەرکووکەوە بازرگانیی پێ کراوە و بۆ دەرەوە نێردراوە. ڕیڤادینێرا بە وردی باسی چۆنیەتیی بەدەستهێنانی بەرهەمی کەتیرەی کردووە، ئاماژەی بەوەش داوە کە نرخی کەتیرە (٣) دودو بووە بۆ هەر کیلۆگرامێک (ریڤادینێرا، ٢٠٠٩، ٩٧). لە ساڵی ١٨٧٣دا ئۆرنیکسی گەڕیدەی ڕووسی باسی ئەوەی بۆ کردووین کە بە هۆی شوێنەکەیەوە کەرکووک بووەتە شوێنێکی سروشتیی کەڵەکەبوونی بەرهەمەکانی سلێمانی و شوێنی تێپەڕبوونی هەموو ئەو بەرهەمانەیە کە لەوێوە بەرەو باکوور دەچێت، وەکوو: پێستە و لۆکەی فارسی و کوتاڵی ئاوریشمی و میوە و بەرهەمی گوێز و پێستە و بەڕوو و درەختی توو. هەروەها نووسیویەتی: ''... ئەمە بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کە ناوچە دارستانەکانی ناوچە کوردییە دوورەدەستەکان نەقوستانییان نییە'' (Freiherrn, 1876, 40).

پێستە و تەختەش لەو شمەکانەن کە لە کەرکووکدا بازرگانییان پێ کراوە و لە کەرکووکەوە بۆ شارەکانی موسڵ (Nijeholt, 1874, 200-201) و بەغدا نێردراون (The Friend…, 1881,p.65). پێشتر ڕیچی دیپلۆماتکار و گەڕیدەی بەریتانی ئاماژەی بەوە کردووە کە لە کەرکووکەوە هەندێ کوتاڵی لۆکەی ئەستوور بۆ سلێمانی دەهێنرێت، لۆکەش لە سلێمانییەوە بۆ کەرکووک نێردراوە (ڕیچ، ٢٠١٢، ٣١٠). بە پێی زانیارییەکانی ڕیچ بێت، وا دەردەکەوێت کە لۆکەی خاو لە سلێمانییەوە بۆ کەرکووک نێردراوە، بەڵام لە کەرکووکەوە شمەکی کوتاڵی لۆکە بۆ سلێمانی نێردراوە، وا دیارە ئەو جۆرە کوتاڵە لۆکەییەی لە کەرکووک هەبووە، لە ناوچەکانی ترەوە گەیشتووەتە شارەکە، پاشان لێرەوە بۆ ناوچەکانی تر نێردراوە. هەروەها ڕیڤادینێراش لە باسی شمەکە ناردەنییەکانی کەرکووکدا لە پاڵ ناوهێنانی چەند شمەکێکی وەکوو خوری و کەتان و گوش و خمی[10] سوور، ناوی لۆکەشی هێناوە، کە لە کەرکووکەوە بۆ دەرەوەی ناوچەکە نێردراون (ریڤادینێرا، ٢٠٠٩، ٩٨).

ڕیچ لە باسی بازرگانیی سلێمانیدا ئاماژەی بە چەند شمەک و بەرهەمێکی تریش کردووە لە نێوان کەرکووک و سلێمانیدا ئاڵوگۆڕ کراون، بۆ نموونە جگە لە کوتاڵی

لۆکە، ئاماژەی بە پێڵاویش کردووە کە لە کەرکووکەوە بۆ سلێمانی نێردراوە. جگە لەو شمەکانەی کە پێشوو ئاماژەیان پێ درا، لە سلێمانییەوە نیسک، نۆک، ماش، پاقلە، هەنگوین، ترش، میوە، برنج و ڕۆنیش بۆ کەرکووک نێردراون (ریچ، ٢٠١٢، ٣١٠).

جگە لە بەرهەمە کشتوکاڵییەکان، مەڕوماڵات و بەرهەمەکانی ئاژەڵیش وەکوو خوری لە کەرکووکەوە بۆ دەرەوەی ناوچەکە نێردراوە (ریفادینیرا، ٢٠٠٩، ٩٨). تەنانەت بەرهەمی خوریی کەرکووک گەیشتبووە بەندەری بۆستن لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا (Semiannual index, 1904, 46). هەروەها ڕیفادینێرا ئاماژەی بەوە کردووە لە کەرکووک بازرگانی بە ئەسپ و گوێدرێژیشەوە دەکرێت. هەر لە کەرکووکدا ئەسپی عەرەبی و فارسییشی بینیوە. تەنانەت باسی ئەوەشی کردووە کە نرخی ئەسپە ڕەسەنەکان، عەرەبی بێت یان فارسی، لە نێوان (١٠٠) بۆ (١٥٠٠) دودو. هەروەها ناوبراو باسی ئەوەشی کردووە کە یەکێک لەو شتانەی کە بازرگانییان پێ کراوە بریتی بووە لە "... جۆرێکی نایاب لە گوێدرێژی سپی کە وەکوو هێستر بەهێزە، نرخەکەشی لە بەرزترین ئاستیدا دەگاتە حەفتا دودو" (ریفادینیرا، ٢٠٠٩، ٩٨). چێرنیکسی گەڕیدەی ڕووسی، ئەویش لە گەشتنامەکەیدا باسی لە هەبوونی ئاژەڵی وەکوو بزن و گوێدرێژ و ئەسپ و مانگا لە شارەکەدا کردووە، بەڵام سەبارەت بە مەڕ، وەکوو ناوبراو ئاماژەی پێ داوە، کە هەر ماڵێکی گوندەکان زیاتر لە (١٠٠) سەر مەڕیان هەیە (Freiherrn, 1876, 44).

هەروەها مەی (عەرەق) یەکێکی ترە لەو بەرهەمانەی لە کەرکووک دروست کراوە و بۆ دەرەوە نێردراوە. لەم ڕووەوە یەکێک لە سەرچاوەکان باسی دروستکردنی جۆرە مەیێک دەکات کە لە لایەن کریستیانەکانی کەرکووکەوە لە بەرهەمی ترێ ئامادە کراوە و لە نێوان مەسیحییەکانی بەغدا ناوبانگییەکی باشی هەبووە(Oppert, 1863, 280) . سەرچاوەیەکی تریش ئاماژی بەوە کردووە کە کەرکووک "... تاکە شوێنە لە باشالکەکەدا کە مەیی لێ دروست دەکرێت، [ڕەنگەکەی] سوورە و جۆرەکەشی نایابە" (Annales..., 1828, 122). لە ناوەڕاستی سییەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا ئاینزۆرسی گەڕیدەی بەریتانی، ئەویش ئاماژەی بەوە کردووە کە مەی لە کەرکووک دروست دەکرێت تاکوو لە بەغدا بفرۆشرێت (Chesney, 1868, 496). تەنانەت لە سەرچاوەیەکی تردا باس لەوە دەکرێت کە ئەو جۆرە مەیەی لە شاری لە کەرکووک دروست دەکرێت، لە هەموو ناوچەکانی میزۆپۆتامیادا ناوبانگی خۆی هەیە (447 ,Wilson, 1878).

کەلوپەلی لە قوڕ دروستکراو لەو بەرهەمانەی دیکەیە کە لە کەرکووک دروست کراوە و بۆ بەغدا نێردراوە (Freiherrn, 1876, 44).وا دیارە مەبەستی نووسەر لە کەلوپەلی لە قوڕ دروستکراو بریتییە لە جۆرەکانی کوپە، جەڕە، شەربە، گۆزە و... هتد، کە تاکوو ئێستاش ناوچەی کەرکووک بە دروستکردنیان بەناوبانگە.

بەرهەمی نەوت و بازرگانیپێکردنی، یەکێکی ترە لەو بابەتانەی کە لە سەرچاوە بیانییەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا زانیاریی باشی لە بارەوە تۆمار کراوە.

کینێی گەڕیدەی بەریتانی لە دەیەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا ئاماژەی بە هەبوونی ژمارەیەک لە چاڵی نەوتی لە نێوان کەرکووک و پردێ (ئاڵتوونکۆپری) کردووە. ناوبراو لە بارەی نەوتەکەوە نووسیویەتی: "... بڕێک لەوەی گڕ ناگرێت، لەو شمەکە بەسوودە، بەرهەم دەهێنرێت... ئینجا دەکرێتە ناو جەڕەی قوڕین و بۆ کۆی ناوچەکانی دەوروبەری شارەکە دەنێردرێت" (Kinneir, 1813, 298). ئاینزۆرسی گەڕیدەی بەریتانی لە بارەی بڕی بەرهەمی ئەو نەوتەی ڕۆژانە لە چاڵە نەوتەکانی بابەگوڕگوڕ کۆ دەکرێتەوە، بە (٨) بۆ (١٠) گالۆن دەخەمڵێنێت. تەنانەت ئاینزۆرس باسی ئەوەشی کردووە کە ئەو کاتەی سەردانی شوێنەکەی کردبوو، حەوت گالۆن نەوت دەرهێنرابوو (Chesney, 1868, 496).

کاپتن میگنان (C. R. Mignan)[11] کە لە ساڵی ١٨٣٠دا سەردانی کەرکووکی کردبوو، نووسیویەتی: "... نەوتەکە دەکەنە ناو کیسەی پێستەی مەڕ، بە مەبەستی فرۆشتنی، بە سەر پشتی گوێدرێژەوە بۆ بەغدا و شارۆچکەکانی دیکەی دەگوازنەوە. ئەم چاوگانە قازانجێک بەدەست دێنن کە ساڵانە دەگاتە هەزار قرش" ,Mignan, 1834

(25). پۆرتــەری گەڕیــدەی بەریتــانی نزیكــەی دوازدە ســاڵ پێش گەیشتنی میگنـان بـە كەركـووك، بـاسی ئـەوەی كـردووە كــە قازانجــی نــەوتی كەركــووك بــە (٣٠) بــۆ (٤٠) هــەزار قــرش دەخەمڵێنرێــت , Porter, 1822, 441; Olmsted,1839). (353 هەروەهــا كلیــمانی گەڕیــدەی فەڕەنــسی، ئەویــش بــاسی ئــەوەی كــردووە نەوتەكــەی كەركــووك بــۆ ڕووناككردنــەوە لــە هەمــوو گونــدەكانی دەوروبــەر و نــاو بــازاڕەكانی كەركــووك و بەغــدا بــەكار دەهێنرێــت (Clément, 1866, 197). هەروەهــا لــە ســاڵی ١٨٧٨دا، گەڕیــدەی بەریتــانی گراتــان گێــری ســەردانی كەركــووكی كردبــوو، ناوبــراو بــە وردی بــاسی نــەوتی كەركــووك و چۆنیەتیــی بەدەســتهێنانی كــردووە و نووســیویەتی: "... دوای ئــەوەی پــاك دەكرێتــەوە (تكریــر) بــۆ بەغــدا، یاخــود ئــەو شــارەی بــە نــەوت ڕۆشــن بــووە، دەنێردرێــت"، هەروەهــا بــاسی ئــەوەشی كــردووە كــە وەكــوو ســووتەمەنی بــۆ كەشــتییە هەڵمینــە توركییــەكانی نــاو ڕووبــاری دیجلــە بــەكار دەهــات، بــەڵام بــە هــۆی ئــەوەی كــە خەڵــووزی ئینگلیــزی هەرزانــتر و كاریگەرتــر بــووە، بۆیــە ئەمــەی دوایــی پەســەند كــراوە. ئەمــە و تەنانــەت ناوبــراو بــاسی ئــەوەشی كــردووە كــە ئەگــەر شێوازی زانســتییانەی ئەورووپایــی لــە بەرهەمهێنانیــدا بــەكار بهێنرێــت، ئــەوا نــەوتی كەركــووك و نــەوتی ناوچــەی هیــت لــە ســەر ڕووبــاری فــوڕات گرنگییــەكی بازرگانیــی باشــیان دەبێــت (Geary, 1878, 17-18). ســەرچاوەیەكی دیكــەی بیــانی لــە بــارەی هەناردەكــردنی نــەوتی "بابــا گوڕگــوڕ"، بــاسی ئەوەمــان بــۆ دەكات نــەوتی باباگوڕگــوڕ بــۆ بەغــدا و هەمــوو بەشــەكانی دیكــەی میزۆپۆتامیــا دەنێردرێــت (Reslus, 1885, 225).

لــە كۆتایــی ئــەم تــەوەرەدا پێویســتە ئامــاژە بــەوە بكەیــن وەكــوو بەراوردێــك لەگــەڵ ئــەوەی لــە ســەرچاوە بیانییەكانــدا هاتــووە، ســەرچاوە فەرمییــە عوســمانییەكان هەنــدێ زانیارییــان لــە بــارەی ڕەوشی ئابووریــی كەركــووك بەدەســتەوە داوە. ئەوەتــا لــە ســاڵنامەی ویلایــەتی بەغــدای ســاڵی (١٢٩٤هـ/١٨٧٧ز)دا بــاسی ئــەوە دەكات كــە بــڕی نــاردەنی ســەنجەقی كەركــووك لــە گەنــم گەیشــتبووە (٦،٠٠٠،٠٠٠) ئۆقــە، لــە بەرهەمــی جــۆ (٢،٠٠٠،٠٠٠) ئۆقــە، لــە نیســك (١٣،٣٣٣)، لــە نــۆك (٤٤٥٠) ئۆقــە و لــە مــازوو (٤٠،٠٠٠) ئۆقــە (نقــلا عــن: البوتــاني، ٢٠٠٧، ١٠٢).

لــە كۆتایــی ئــەم تــەوەرەدا پێــمان باشــە ئامــاژە بــەوە بدەیــن كــە جیــا لــە ســەرچاوە بیانییــەكان، لــە ســاڵنامەكاندا هەنــدێ زانیــاری لــە بــارەی چالاكیــی بــازرگانی لــە كەركــووك و "بــازاڕە نایابــەكانی" و تۆكمەیــی ڕێكخســتنیان كــراوە. لــەم ڕووەوە ســاڵنامەی ویلایــەتی بەغــدا لــە ســاڵی (١٢٩٤هـ/١٨٧٧ز) دا ئامــاژە بــە هەبــوونی "دادگایــەكی بــازرگانی" لــە شــاری كەركووكــدا دەكات (نقــلا عــن: البوتــاني، ٢٠٠٧، ١٠٢). تەنانــەت چەنــد دەیەیەكیــش دوای ئــەوە، ســاڵنامەیەكی ویلایــەتی موســڵ ئامــاژە بــە هەبــوونی ژووری بــازرگانی و پیشەســازی (تجــارت و صنایــع أوطــە سي) كــراوە، لــە ســەرۆكی یەكــەم و ســەرۆكی دووەم و (١٠) ئەنــدام كــە یەكێكیــان كلــدانی بــووە، پێــك دەهــات (موصــل ولایتــی ســالنامە سي رسميســيدر، ١٣٣٠، ٢٤١-٢٤٤). لەمانــەی ڕابــردوودا دەگەینــە ئــەو ئەنجامــەی كــە وا بڵێــین بازرگانیــی كەركــووك، بــە پێودانگــی كات و ســەردەم، بازرگانییــەكی تــا ڕادەیــەك چــالاك بــووە، ئەمــەش بــە هــۆی زۆری و جۆراوجۆریــی بەروبــووم و شــمەكەكان لــە لایــەك و هەڵكەوتــەی جوگرافیــی شــارەكەوە بــووە، بــە تایبــەت لــە نێــوان هــەردوو ناوچــە، شــاخاوی لــە باكــوور و باكــووری ڕۆژهــەڵات، ناوچــەی دەشــت و تەختاییــەكانی ناوەڕاســت و باشــووری میزۆپۆتامیــادا.

### سێیەم: كەرتی پیشەگەری لە كەركووك

بــوونی بەرهەمــی جۆراوجــۆری كشــتوكاڵی و ئاژەڵــی، لەگــەڵ بەرهەمــەكانی دیكــەی خــاك و سروشــتی كەركــووك، ئەمانــە و ســەرباری ئاووهــەوا و بەپیتیــی خــاك و... هتــد، كاریگەریــی خۆیــان لــە ســەر پەیدابــوونی هەنــدێ جــۆری پیشــەگەری لــە شــارەكە هەبــووە.

دروســتكردنی مــەی لایەنێــكی گرنگــی ئــەو زانیارییانــە پێــك دەهێنێــت كــە بیانییــەكان لــە نووســین و یاداشــتەكانیاندا لــە بــارەی كــەرتی پیشــەگەرییەوە ئاماژەیــان پــێ داوە. بــوونی ژمارەیــەك لــە خێــزانی كریســتیان لــە شــارەكەدا، ڕۆڵــی هەبــووە لــەوەی ئــەو بەرهەمــە ڕەواجــی خــۆی هەبێــت. تەنانــەت جگــە خواســتی ناوخــۆ، وەكــوو لــە تــەوەری دووەمــدا ئاماژەمــان پــێ دا، بــۆ دەرەوەی شــارەكەش نێــردراوە. هەروەكــوو پێشــتر ئاماژەمــان پــێ دا، ســەرچاوەیەك ئامــاژەی بــەوە كــردووە كــە

کەرکووک تاکە شوێنی باشالکەکەیە جۆرە مەیێکی نایابی لێ دروست دەکرێت (Annales…, 1828, 122). پێمان وایە کە ئەم سەرچاوەیە لەم بڕیاردانە ڕەهایەیدا، سەبارەت بەوەی کەرکووک تاکە شوێنە لە باشالکی شارەزووردا مەیی لێ بێت؛ بەهەڵەدا چووە، چونکە لەم باشالکەدا شوێنی تریش هەبووە مەیی لێ دروست کراوە، بە تایبەت لەو شار و ناوچانەی کریستیانەکانی لێ نیشتەجێ بووە. کەچی باشیی جۆرەکەی و ناوبانگییەکەی شتێکە لە نووسینی بیانییەکاندا دووپات کراوەتەوە (Sestini, 1801, 243). زیاد لەوەش، سەرچاوەیەکی دیکە نووسیویەتی: "... ئەو مەیەی کەرکووک لە هەموو ناوچەکانی میزۆپۆتامیادا ناوبانگی خۆی هەیە" (Handbook…, 1878, 447). ئەم گرنگیدانەی سەرچاوە بیانییەکان ڕەنگە لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت کە وا لە ناوجەرگە و قووڵایی موسوڵمانشین، گرووپێکی بچووک و فەرامۆشکراو، ئازادانە مەی دروست دەکەن و بازرگانیی پێوە دەکەن کە لە شوێنانی دیکەی دەوڵەتی عوسمانی بەرچاو ناکەوێت، تەنیا لە شارە گەورەکان نەبێت.

سەرچاوەیەکی دیکەی فەرەنسی باسی دروستکردنی جۆرێ لە مەی دەکات، کە لە لایەن کریستیانەکانی کەرکووک لە بەرهەمی ترێ ئامادە کراوە و لە نێوان کریستیانەکانی بەغدا ناوبانگییەکی باشی هەبووە (Oppert, 1863, 280). پێشتریش ولیام ئاینزۆرسی گەڕیدەی بەریتانی باسی لەوە کردووە مەی لە کەرکووک دروست دەکرێت (Chesney, 1868,496). هەر چەندە وەکوو پێشتر ئاماژەمان پێ دا، یەکێک لە سەرچاوەکان باسی لەوە کردووە کە ئەو مەیەی لە کەرکووک دروست دەکرێت ڕەنگەکەی سوورە، کەچی سەرچاوەیەکی دیکە ئاماژەی بەوە داوە کریستیانەکانی شارەکە مەیی سوور و سپی و براندی دروست دەکەن (Coste, 1878, 165). بەم پێیە بۆمان دەردەکەوێ ئەو مەیەی لە شارەکە دروست کراوە تەنها لە ترێی ڕەش نەبووە، بەڵکوو لە ترێی سپییش دروست کراوە.

دروستکردنی جۆرەکانی شیرینی لە بەرهەمی گەزۆ پیشەیەکی دیکەیە کە دانیشتووانی کەرکووک لە وەرزی دیاریکراودا پێوەی خەریک دەبوون، بە تایبەت ئەو جۆرەی ڕەنگەکەی سپیی زەردباوە (The Friend…, 1881, 65).

یەکێکی دیکە لە بەرهەمەکانی کاری پیشەگەری لە کەرکووک بریتی بووە لە دروستکردنی کوتاڵ، کە ئاینزۆرس لە گەشتنامەکەیدا بە "کوتاڵی زەرد" ناوی دەبات (Chesney, 1868, 496). لە سەرچاوەیەکی دیکەدا تەنها ئاماژە بە دروستکردنی جۆرە کوتاڵێکی سووک کراوە لە کەرکووکدا (Sestini, 1801, 243). نزیکەی هەمان زانیاریش لە سەرچاوەیەکی دیکەدا دووپات کراوەتەوە، لێرەدا ئاماژە بە دروستکردنی کوتاڵی خوری و لۆکەیی کراوە (Guinet, 1892, 854).

یەکێکی دیکە لەو بەرهەمانەی لە کەرکووکدا ڕەواجی خۆی هەبووە، بەرهەمی سابوون بووە (Annales…, 1869, 14)، لەگەڵ بەرهەمی دیکەی دروستکراوی شارەکە، وەکوو تابلۆی تەختە، بۆ موسڵ نێردراوە (Nijeholt, 1874, 200-201). لەساڵی ١٨٧٣دا ئۆرنیکسی گەڕیدەی ڕووسی باسی ئەوەی بۆ کردووین بەرهەمە خۆجێییەکانی شاری کەرکووک ئەوەندە گرنگ نین. هەروەها ناوبراو باسی کوتاڵی خوریی خراپ، لباد، بەتانی، کوتاڵی لۆکەیی زبر و زۆر کەلوپەلی لە قوڕ دروستکراو دەکات، بۆ موسڵ و بەغدا نێردراون (Freiherrn, 1876, 44). ئەمانە و بەرهەمی هەنگوین، میوەی وشککراوە و پێستەش لەو بەرهەمانەن لە لیستی ناردەنییەکانی شاری کەرکووکدا، ئەوەی نیجهۆڵت خستوویەتیە ڕوو؛ بەدی دەکرێن (Nijeholt, 1874, 200-201).

یەکێکی دیکە لەو بەرهەمانەی کە سەرنجی گەڕیدەکانی ڕاکێشاوە، بەرهەمی کەرە بووە. لەم ڕووەوە یەکێک لە سەرچاوەکان ئاماژەی بە چۆنیەتیی ئامادەکردنی دۆ و کەرە کردووە کە لە لایەن ئافرەتانەوە لە ڕێگای مەشکە هەژاندنەوە بەدەستیان هێناوە (The Friend…, 1881, 65). هەروەها دروستکردنی چەک و لباد و ئامادەکردنی مووی مامز (شاڵ) لە شاری کەرکووک و دەوروبەری باسیان لێوە کراوە (Guinet, 1892, 854).

کلیمانی گەڕیدەی فەرەنسی لە گەشتنامەکەیدا باسی لە چۆنیەتیی ئامادەکردنی خوێ کردووە (Clément, 1866, 197). ئەم زانیارییەی دوایی لە چەند سەرچاوەیەکی دیکەی سەدەی نۆزدەیەمدا دووپات کراوەتەوە (Rousseau, 1809, 83; Guinet, 1892, 854).

لەو کارە پیشەگەرییانەی دیکە کە لە کەرکووکدا هەبوون

و لـە سـەرچاوە بیانییەکانـدا باسـیان لێـوە کـراوە، ئامادەکـردنی گەچـی سـپیکاری، یاخـود هەبـوونی کـوورەی گـەچ بـووە (Chesney, 1868, 496; Rousseau, 1809, 83)؛هەبـوون و لـە سـەرچاوە بیانییەکانـدا بـاسی لێوەکـراوە، ئاماداکـردنی گـەچ یاخـوود هەبـوونی کـوورەی گـەچ بـووە هـەن (. جگـە لـەو کارە پیشـەگەرییانە، لـە سـەرچاوەیەکدا ئامـاژە بـە هەبـوونی (٣) نانەواخانـەی گشـتی و (٦٤) ئـاش لـە شـاری کەرکـووک کـراوە (Guinet, 1892, 852). پێـمان وایـە هەبـوونی ئـەو ژمـارە زۆرەی ئـاش لـە شـارەکە، نیشـانەیە بـۆ ئـاوەدانی و بـوونی چالاکیـی کشـتوکاڵی لـە کەرکـووک و دەوروبەریـدا. جێـی سـەرنجە لـە قامووسـئەعلامی شەمسـەدیندا ئامـاژە بـە هەبـوونی (٢٠) دەزگای چنـین و کاڵا دروسـتکردن لـە شـارەکە کـراوە. ئەمـە و جگـە لـە هەبـوونی هەندێـک پیشـەی وەکـوو پێستەخۆشـکردن و دروسـتکردنی گوریـسی کنـدڕ و گـوڵاو ئامادەکـردن لـە جۆرێـک لـە پرتەقـاڵ (وەگـیراوە لـە: تاقانـە، ٢٠١٠، ٢٩١). لـە سـاڵنامەکانی عوسمانییشـدا ئامـاژە بـە هەبـوونی پیشـەی جۆراوجـۆری وەکـوو: کورتـان دروویـن، چنـین، بەرگـدروو، پێڵاوسـاز (قوندرەچـی)، زێڕنگـەر (قیومچـی)، مسـگەری، ئاسـنگەر، چەخماخچـی، دارتـاش، بیناسـاز، کاتژمێرچـی (سـاعتچي) کـراوە (موصـل ولایتـی سـالنامە سي رسمیسـیدر، ١٣٣٠، ٢٤٦). تەنانـەت هەندێکیـان، وەکـوو کورتـان دروویـن، دارتـاشی، چنـین و دروسـتکردنی گلێنـەکان، وەکـوو لـە سـاڵنامەیەکی موسـڵدا هاتـووە، ناوبانگیـان هەبـووە (موصـل ولایتـی سـالنامە سي، ١٣١٢، ٣٠٠).

### ئەنجام

١. دەکـرێ وەکـوو کەرەسـتەیەکی بابـەتی توێژینـەوە سـوود لـەو زانیارییانـە وەربگیرێـت کـە بیانییـەکان لـە یاداشـت و تۆمـارەکانی خۆیانـدا لـە بـارەی کەرکـووک خسـتوویانەتە ڕوو، بـەڵام پێویسـتیان بـە پشتڕاسـتکردنەوە و هەڵوەستەلەسـەرکردن هەیـە، چونکـە بەشـێکی تێبینـی و سـەرنجەکانیان ورد نـین و پێویسـتیان بـە ڕاسـتکردنەوە هەیـە.

٢. بـە پێـی ئـەو زانیارییانـەی کـە وا گەڕیـدەکان خسـتوویانەتە ڕوو، لـە سـەدەی نۆزدەیەمـدا کەرکـووک شـارێکی ئـاوەدان بـووە، بـە بـەراورد لەگـەڵ شـارەکانی تـری ناوچەکـە، ئەمـەش زۆر جـار لـە لایـەن گەڕیدەکانـەوە و لـە بۆنـەی جیـاوازدا تێبینـی کـراوە.

٣. بـوونی خـاکی بەپیـت و فەراهەمیـی سـەرچاوەکانی ئـاو لـە ناوچەکـە، بووەتـە هـۆی ئـەوەی کـە کشـتوکاڵکردن وەکـوو کەرتێـکی بەبایـەخ لای خەڵکـە شـارەکە گرنگیـی پـێ بدرێـت و بەروبوومـە کشـتوکاڵییەکانی شـاری کەرکـووک و دەوروبـەری جۆراوجـۆر و بەبڕشـت بـن.

٤. لـە بەدەسـتەوەدانی ژمـارەی بـازاڕەکانی کەرکووکـدا ژمـارەی جیـاواز دەبینرێـت، ئەمـەش لـە لایەکـەوە پەیوەندیـی بـە مـاوەی مانـەوەی گەڕیـدەکان لـە لایـەک و ئامانجـی سـەردانیکردنیان بـۆ شـارەکە لـە لایـەکی دیکـەوە هەیـە. واتـە ڕەنگـە ئامانجـی گەڕیـدەکان هەمـوو کاتـێ کۆکردنـەوەی زانیـاری نەبووبـێ لـە بـارەی هەلومەرجـە جۆربەجـۆرەکان وەکـوو بـواری ئابـووری، ڕۆشـنبیری و تەندروسـتی وەک نموونـە.

٥. بـازاڕەکانی شـارەکە لـە ئاسـتێکی مامناوەندیـدا بـوون، هەڵکەوتـەی جوگرافیـی شـارەکە لـە نێـوان ناوچـە شـاخاوییەکان و ناوچـە پێدەشـتەکاندا، بـەلای خۆیـەوە ڕۆڵـی هەبـووە لـەوەی بـازاڕەکان جموجۆڵیـان تێـدا بـێ، هەمیـش پرۆسـەی ئاڵوگـۆڕی بازرگانیـی شـمەک و کەلوپەلیـش تـا ڕادەیـەک چـالاک بێـت.

٦. بـوونی بەرهەمـی جۆراوجـۆری کشـتوکاڵی و ئاژەڵـی، لەگـەڵ بەرهەمـەکانی دیکـەی خـاک و سروشـتی کەرکـووک، ئەمانـە و سـەرباری ئاووهـەوا و بەپیتیـی خـاک و... هتـد، کاریگەریـی خۆیـان لـە سـەر پەیدابـوونی هەنـدێ جـۆری پیشـەگەری لـە شـارەکە هەبـووە.

پەراوێزەکان:

١. .یەکەیەکی بنەڕەتییە لە کارگێڕیی ویلایەتدا، وشەی (لیوا = ئالا) ی عەرەبی لە بەرامبەردا بەکار هاتووە، هەروەکوو زۆر جار لە بەڵگەنامە فەرمییەکانی عوسمانیدا هاتووە. بڕوانە: (مراد، ٢٠١٨، ٤٤).

٢. .بە ڕەگەز بەریتانییە، لە ساڵی ١٧٨٦دا لە شاری فالمۆت لەدایک بووە. لە هەڕەتی لاوێتییەوە متووی گەڕان و دەریاوانی بووە. ماوەیەک لە یەکێک لە دامەزراوە کارگێڕییەکانی سەر بە کۆمپانیای هیندیی ڕۆژهەڵاتی بەریتانیی لە هیندستان کاری کردووە. لە ساڵی ١٨١٦دا گەشتێکی بە ناوچەی میزۆپۆتامیادا کردووە و لە میانەیدا سەردانی شارەکانی موسڵ، هەولێر، کەرکووک، بەغدا و چەند شوێنێکی تری کردووە. لە نێوان ساڵانی (١٨٣٢) و (١٨٣٧)دا وەکوو ئەندامی پەرلەمانی بەریتانی کاری کردووە. ناوبراو لە ساڵی ١٨٥٥دا کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: بكنغهام، جمس ، ١٩٦٨، رحلتي الى العراق، ترجمة: سليم طه التكريتي، مطبعة اسعد، بغداد، ص٣-٥

٣. .بە ڕەگەز ئیسپانییە، لە ساڵی ١٨٤١دا لە شاری "بالبارایسۆ" لە چیلی لەدایک بووە. دواتر خێزانەکەیان گەڕاونەتەوە ئیسپانیا. لە چەند وڵاتێکی ئەورووپی خوێندوویەتی و چەند زمانێکی زانیوە. دوای پێگەیشتنی؛ ئەرکی کاری دیپلۆماسیی پێ دەسپێردرێت و چەند جارێک پۆستی لە دامەزراوە دیپلۆماسییەکانی وڵاتەکەی لە بەیرووت، قودس، سیلان، دیمەشق، ئێران و شوێنی دیکە پێ دەدرێت. لە ساڵی ١٨٨٢دا لە مەدرید کۆچی دوایی کردووە (ريفادينيرا، ادولفو، ٢٠٠٩، من سيلان الى دمشق، تر: صالح علماني، ط١، دار المدى للطباعة والنشر، دمشق).

٤. .گەڕیدە و مزگێنیدەرێکی فەڕەنسی بوو. لە ٢١ی ئابی ١٨٤١دا لە فەڕەنسا لەدایک بووە. لە ساڵی ١٨٧٤ بە هاوەڵیی یەکێک لە نوێنەرەکانی پاپا دەگاتە میزۆپۆتامیا و تاکوو ساڵی ١٨٧٩ لە نشینگەی "مار یەعقووب"دەمێنێتەوە و شارەزایی لە بارەی زمان و ئەدەبی ئاسووری-کلدانی پەیدا دەکات و قوتابخانەیەک لە ناوچەکە دەکاتەوە. پاشان لە ساڵی ١٨٧٩ بە ئەرکی مزگێنیدەری دەچێتە موسڵ، ئینجا بۆ وان، پاشان بۆ قودس دەگوێزێتەوە. لە ساڵی ١٩٠٨دا جارێکی تر بۆ کڵێسای مار یەعقووب لە "ئەشیتا" لە هەکاری ئینجا بۆ موسڵ دەگوێزرێتەوە. لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانیدا بۆ ئەنقەرە و دواتر بۆ ئەستانەی دوور دەخەنەوە. تاکوو لە ١٤ی ئاداری ١٩٢١) لە موسڵ کۆچی دوایی کرد. بڕوانە: ڕیتۆرێ، ژاک، ٢٠٠٨، گەشتنامەی مسیۆنێرێک بۆ ناوچەکانی کەرکووک و سلێمانی ساڵی ١٨٧٨، وەرگێڕانی: نەجاتی عەبدوڵا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ل(١١-١٥).

٥. .ناوبراو لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٨٦٥-١٨٦٨) بە زۆربەی ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و ڕووسیاشدا گەڕاوە. لە بەرگی (٣) و (٤) ی گەشتنامەکەیدا لە چەند جێگایەکدا باسی کوردستان و شارە کوردییەکانی کردووە. بڕوانە: (عەبدوڵا ، ٢٠٠٩، ٢٦١-٢٦٢).

٦. .لە نێوان ساڵانی (١٨٧٢-١٨٧٣)دا بە ئامانجی لێکۆڵینەوە لە شیاویی بەکارهێنانی هاتوچۆی ئاوی و کەشتیوانی لە هەردوو زێی دیجلە و فورات و لقەکانیان، گەشتێکی زانستیی ئەنجام داوە. ئاکامی ئەم گەشتەشی لە ساڵی (١٨٧٩) لە بەرگی شەشەمی بڵاوکراوەی بەشی قەفقاسی جوگرافیی شاهانەی ڕووسی بڵاو کردەوە. (قادر، ٢٠١٩، ١٦٨-١٦٩).

٧. .لیوتینان کۆلۆنێل کینیێ (١٧٨٢-١٨٣٠)، لە نێوان ساڵانی (١٨٠٨-١٨٠٩)دا لەگەڵ نێردەی جۆن مالکۆڵم هاتبووە ئێران. دواتر ناوبراو گەشتێکی بە ناو ئێران و کوردستان و ئاسیای بچووکدا ئەنجام دا. لە ساڵی ١٨٢٤دا پۆستێکی بەرزی لە کۆمپانیای هیندیی ڕۆژهەڵاتی بەریتانی وەرگرتووە و لە تاران نیشتەجێ بووە. لە ساڵی ١٨٣٠دا لە تەورێز کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: (عەبدوڵا، ٢٠٠٩، ٢٠٤).

٨. .نیگارکێش و گەڕیدەیەکی بەریتانی بوو، لە ئەیلوولی ١٨١٨دا لە بەغداوە دەستی بە گەشتەکەی کردووە. لە میانەی گەشتەکەیدا سەردانی چەند ناوچەیەکی کوردستانی کردووە، وەکوو: سلێمانی، کفری، داقوق، کەرکووک، بازیان... هتد. (ئیدمۆندس، ٢٠٠٤ ، ٤٤).

٩. .دراوێکی مس بوو، لە ناوچەکانی باشووری هیندستان بەکار هێنراوە، کێشەکەی پێنج گرام بوو.

١٠. .لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەمیش، ئۆلیڤێ باسی لەوە کردووە کە لە کەرکوو و چەند شارێکی تردا ئەم ماددەیەیان بۆ دەرەوە ناردووە (اوليفيه، ١٩٦٩، ٦٦).

١١. . ئەفسەرێکی سەربازیی بەریتانیی سەر بە سوپای بۆمبای بوو. لە کۆتایی بیستەکان و سەرەتای سییەکانی سەدەی نۆزدەدا لە میانەی گەشتێکیدا لە بەریتانیاوە بۆ هیندستان، سەردانی کوردستان و ناوچەکەی کردبوو. کتێبەکەی کە لە دوو بەش پێک دێت: زانیاریی زۆری لە بارەی کورد و کوردستان خستووەتە ڕوو Mignan, (1834, vol I and II)).

**لیستی سەرچاوەکان:**

**یەکەم: چاپکراوە حکومییەکان:**

- موصل ولایتی سالنامەء سی،١٣١٠هـ، مکتوبی ولایت سعادتلو حسن توفیق افندی معرفتیلە ترتیب اولنمشدر.
- موصل ولایتی سالنامەء سی، ١٣١٢هـ، موصل ولایتی مطبعة سندە باصلمشدر.

**سێیەم: کتێب:**

**أ. بە زمانی کوردی:**

- تاقانە، ئەحمەد (٢٠١٠)، قامووس ئەعلامی شەمسەدین سامی/کورد و کوردستان لە یەکەم ئەنسکلۆپیدیای تورکی لە مێژوودا، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
- شوانی، بەختیار سەعید مەحموود (٢٠٠٩)، کەرکووک لە سەدەی نۆزدەیەمدا/لێکۆڵینەوەیەک لە بارودۆخی ڕامیاری و ئابووری، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- عەبدولڕەحمان، دڵشاد مەحموود، بارودۆخی کۆمەڵایەتیی کەرکووک (١٩٢١-١٩٥٨)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ناوەندی سارا، سلێمانی، ٢٠١٩.

**ب. بە زمانی عەرەبی:**

- البوتاني، عبدالفتاح (٢٠٠٧)، دراسات و مباحث في تأريخ الكورد و العراق المعاصر، الطبعة الأولى، مطبعة حجي هاشم، اربيل.
- خصباك، شاكر (١٩٧٣)، العراق الشمالي/دراسة لنواحيه الطبيعية و البشرية، مطبعة شفيق، بغداد.
- مراد، خليل علي (الترجمة والتعليق)(٢٠٠٥)، مختارات من كتاب الموصل و كركوك في الوثائق العثمانية، مطبعة شڤان، السليمانية.
- مراد، خليل علي (٢٠١٨)، العراق في العهد العثماني الثاني/دراسة في الادارة العثمانية و الحياة الاقتصادية (١٦٣٨-١٧٥٠م)، الطبعة الاولى، الرافدين للطبع و النشر والتوزيع، بيروت.

**ج. بە زمانی ئینگلیزی:**

-Reclus,Eliseee, 1885, *The Earth and its inhabitants/ Asia*, Vol: IV, New york.
-Rousseau )1809(, Description du Pachalik de Bagdad, Paris.
-Wilson, Charles )1878(, Handbook for Travellers in Turkey in Asia, including Constantinople, The Bosphorus, Plain of Troy, Isles of Cyprus, Rhodes & Smyrna, Ephesus, and the routs to Persia, Baghdad, Moosool, with general hints for travellers in Turkey, John Murray, London.

**د. بە زمانی فەڕەنسی:**

-Guinet, Vital)1891(, La Turquie D᾽ Asie; Géographie Administrative Statistique Descriptive et Raisonnée de Chaque Province de L' Asie Mineure, Tome Deuxième Ernest Leroux, Paris.

سێیەم: یاداشت و گەشتنامەکان:

**أ. بە زمانی کوردی:**

- ڕێتۆرێ، ژاک (٢٠٠٨)، گەشتنامەی مسیۆنێرێک بۆ ناوچەکانی کەرکووک و سلێمانی ساڵی ١٨٧٨، وەرگێڕانی: د. نەجاتی عەبدوڵا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
- ڕیچ، کلودیوس جەیمس (٢٠١٢)، گەشتنامەی ڕیچ بۆ کوردستان ١٨٢٠، وەرگێڕانی: محەمەد حەمە باقی، چاپی چوارەم ، چاپخانەی خانی، دهۆک.

**ب. بە زمانی عەرەبی:**

- اوليفييه (١٩٨٨)، رحلة اوليفييه الى العراق (١٧٩٤-١٧٩٦)، ترجمة: يوسف حبي، مطبعة المجمع العلمي العراقي، بغداد.
- بكنغهام، جمس (١٩٦٩)، رحلتي الى العراق سنة ١٨١٦، ترجمة: سليم طه التكريتي، مطبعة اسعد، بغداد.
- ريفادينيرا، ادولفو (٢٠٠٩)، من سيلان الى دمشق، ترجمة: صالح علماني، الطبعة الاولى، دار المدى للثقافة و النشر ، بيروت.
- حداد، بطرس (٢٠١١)، رحلة دوبريه الى العراق (١٨٠٧-١٨٠٨م)، بيت الوراق للطباعة و النشر، بغداد.

**ج. بە زمانی ئینگلیزی:**

- Benjamin, J. J. (1863), Eight Years in Asia And Africa from 1855-1846,Hanover.
- Bowman, Anne (1853), Travels of Rolando or a tour round the World, George Routledge, London.
- Chesney, Francis Rawdon (1868), Narrative of the Euphrates Expedition, ccrried by the british government During the years 1836 ,1835 and 1837, Longman Green and Co., London.
- Geary, Grattan (1878), Through Asiatic Turkey. Narrative of a Journey from Bombay to the Bosphorus,Vol. II, Gilbest and Rivington, London.
- kinneir, John Macdonald (1813), A Geographical Memoir of the Persian Empire, Accompanied by a Map ,John Murray , London.
- Mignan, Captain R. (1834), A Winter Journey through Russia, the Cabcasia, Alb and Georgia, thence across Mount Zagros, of Xenophon and the thous and

Greeks, in to Koordistan, Tow Vol. , London.
-Polington, Viscount (1867), Half Round the Old World, Bing some account of a tour in Russia, the Caucasus, Persia, and Turkey, 66-1865, J. Swift, Regent Co., London.
- Porter , Robert ker (1822) , Travels in Georgia , Persia, Armenia , Ancient Babylon , during the years , 1817 1820 , 1819 , 1818 ,vol.II , Longman, Hurst press ,London.
-Newman, John. P (1876), The Thrones and Palaces of Palaces of Babylon and Nineveh a Thousand Miles on Horseback, New York.
- Rassam, Hormuzd (1897), Asshur and the land of Nimrod , Eaton and Mains , New York.
- Southgate, Horatio (1840), Narrative of a tour through Armenia Kurdistan, Persia, and Mesopotamia, vol.II, brand bury and Evans, London.

**د. بە زمانی فەڕەنسی:**

-Coste, P. X. Coste (1878), Mémoires d’un Artiste, Notes et Souvenirs de Voyages (1877-1817), Marseille.
- Nijeholt, Chevalier Lycklama (1874), Voyage en Russie , au Caucase et en Perse , dans la Mésopotamie, le Kurdistan , la Syrie , la Palestine et la Turquie , exécute pendant les années . 1865 . 1866 , 1867 et 1868 , Vol: IV , Paris.
-Oppert, Jules (1863), Expédition Scientifique En Mésopotamie Exécutée par Ordre du Gouvernement de 1851-1854, Tome: I, Paris.

**هـ. بە زمانی ئەڵمانی:**

-Freiherrn, Amand and V. Schweiger (1876), «Ingenieur Josef, Cernik’s Technische Studien –Expedition Durch Die Gebiete Des Euphrat und Tigris», En: Ergazungsheft...Zu Peterman’s geographischen Mitteilungen.

**چوارەم: وتار و توێژینەوە:**

**ئـ. بە زمانی ئینگلیزی:**

-Olmsted, Denison (1839), ‘’Observations on the New Haven Tornado of July 1839 ,31” ,The American Journal of scenes and arts, Yale College
- Shiel J. (1838), Notes on a Journey from Tabriz, through Kurdistan, via Van, Bitlis, Seert, and Erbil, to Suleymanyeh in July and August, 1836, In:The Journal of the Royal Geographical Society of London"Magazine", vol: Eight, Clowes and sons, London.
- Semiannual Index to Treasury Decisions under Customs and others Laws (1904), Vol:7, January to June, Washington.
-The Friend A Religious and Literary Journal (1880) , Vol:LIV, Philadelphia

**ب. بە زمانی فەڕەنسی:**

-Annales De L’ Association De La Propagation De La Foi (1828), Tome Troisième, Paris.
- Clément, A. (1866), ‘’Excursion dans le Kurdistan Ottoman méridional; de Kerkouk a’ Rawanduz en 1856”, In: Mémoire de la Société de Géographie de Genève, Genève.
-The Friend A Religious and Literary Journal (1880) , Vol:LIV, Philadelphia.

**ملخص**

**منـذ سـنوات اصبحـت العمـل عـلى منتجـات الدبلوماسـيين الأجانـب موضوعًـا للبحـث، وفي هـذا الصـدد، فـإن دراسـة الأوضـاع المـدن، بنـاءً عـلى هـذه المعلومـات هـو الأكـثر تركيـزًا. كركـوك هـي إحـدى المـدن التـي كانـت منـذ سـنوات مركـزا للولايـة و مـن ثـم مركـزا للسـنجق، مـما أدى إلى اجتيـاز معظـم الدبلوماسـيين والكتـاب الأجانـب للمنطقـة أو تسـجيل اهتمامهـم بالمنطقـة. هـذا البحـث بعنـوان (الوضـع الاقتصـادي لكركـوك و ضواحيهـا في بعـض المصـادر الاجنبيـة في القـرن التاسـع عـشر) ، ويتكـون مـن التمهيـد بعنوان(الموقـع الجغـرافي، الوضـع الإداري وسـكان كركـوك في القـرن التاسـع عـشر، و ثلاثـة محـاور رئيسـية: الأول بعنـوان (القطـاع الزراعـي في كركـوك) ويركـز عـلى الموقـع الجغـرافي والمنـاخ والتضاريـس للمدينـة مـما جعلهـا تربـة خصبـة ووفـرة المحاصيـل. أمـا المحـور الثـاني بعنوان(القطـاع التجـاري في كركـوك) فيركـز عـلى أهميـة المدينـة كمركـز وطريـق تجـاري بـين المنطقتـين الجبليتـين في الشـمال والشـمال الشرقـي، وكذلـك المنطقـة التـلال و المنبسـطة في الجنـوب. وكذلـك ينصـب التركيـز عـلى الأسـواق والخانـات وأهـم السـلع والمنتجـات المتداولـة في المدينـة.**

**وفي المحـور الثالـث بعنـوان (القطـاع الحـرفي في كركـوك)، ناقشـنا أبـرز الصناعـات الحرفيـة التـي كانـت موجـودة في المدينـة والتـي كان بعضهـا مـن سـمات المدينـة. وأخـيراً يتـم عـرض أهـم الاسـتنتاجات التـي توصـل إليهـا الباحـث أثنـاء كتابـة بحثـه.**

**أمـا فيـما يتعلـق بطريقـة أو منهـج كتابـة هـذا البحـث ، فاعتمدنـا عـلى المنهـج السـردي والتركيبـي، وأحيانـاً مـن أجـل عـرض بعـض المعلومـات ومقارنتهـا بالمصـادر الأجنبيـة، اعتمدنـا عـلى بعـض المصـادر العثمانيـة، كسـالنامات والموسـوعات وغيرهـا مـن المصـادر المسـاعدة.**

الكلمات الدالة: كركوك، الزراعة، التجارة، الصناعات الحرفية، الخان.

## Abstract

For years, working on the products of foreign diplomats has become a subject of research, and in this regard, the study of urban situations, based on this information, is the most focused. Kirkuk is one of the cities that for years was the center of the state and then the center of the Sanjak, which led to most foreign diplomats and writers passing through the region or registering their interest in the region.

This research is entitled (The Economic situation of Kirkuk and its surroundings in several foreign sources in the nineteenth century), and it consists of introduction and three axes: The first is entitled (The Agricultural Sector in Kirkuk) and focuses on the geographical location, climate and topography of the city, which made it fertile soil and abundant crops. As for the second axis, entitled(The Trade Sector in Kirkuk), it focuses on the importance of the city as a center and a trade route between the two mountainous regions in the north and northeast, as well as the Hills and Flat regions in the south. The focus is on the markets, khans, and the most important goods and products traded in the city.

In the third topic entitled (The Craft industries sector in Kirkuk), we discussed the most prominent professional activities that existed in the city, some of which were characteristic of Kirkuk. Finally, the most important conclusions reached by the researcher while writing his research are presented. As for the method or methodology of writing this research, we relied on the narrative and synthetic approach, and sometimes in order to present some information and compare it with foreign sources, we relied on some Ottoman sources, such as books, encyclopedias, and other auxiliary sources.

Key words: Kirkuk, Agriculture, Trade, Craft industries, Caravanserai